Race Equality Foundation

**بڵاوکراوەی پارێزگاریکردن: خۆبەخشانی کۆمەڵانی خەڵک لەماوەی کارەساتی لەناکاوی بڵابوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا (کۆڤید- 19) دا**

ئەگەری ئەوە هەیە کە خەڵک بیانەوێت یارمەتی کەسانی دیکە بدەن کە ئێستا نەخۆشن یان مەترسییەکی تایبەتیان لەسەرە بۆ تووشبوون بە ڤایرۆسی کۆرۆنا. ئەوەش کەسانی بەساڵاچوو هەروەها ئەوانەش دەگرێتەوە کە حاڵەتی تەندروستی تایبەتیان هەیە لەوانە دێمێنشیا. لە پێناوی ڕاگرتنی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسەکەدا، حکومەت ڕێنوێنی داناوە کە بەستنی داپۆشەری دەموچاو و ئەوەش لەخۆ دەگرێت کە ئێمە چۆن بەرکەوتە لەگەڵ کەسانی دیکە ئەنجام دەدەین هەم لە ژوورەوە و هەم لە دەرەوە لەڕێگەی <u>ڕێسای شەش</u>، هەروەها ئەوەی کە خەڵک چۆن <u>سەرپەرشتی</u> بۆ کەسانی دیکە فەراهەم دەکەن.

هەندێک کەسانی گەورەی بارناسک، وەک ئەوانەی کە تووشی دێمێنشیا بوون یان پێداویستی پزیشکی دیکەیان هەیە، دەکرێت لەڕێگەی خۆبەخشانی ناو کۆمەڵانی خەڵکەوە یاریمەتییان بدرێت. ئەم بڵاوکراوەیە وەڵامی هەندێک نیگەرانی دیاریکراو دەداتەوە کە ئەو کەسانەی سەرقاڵی پشتگیریکردنی کۆمەڵانی خەڵکی ناوچەکەیانن لەوانەیە هەیان بێت، بۆ دڵنیابوونەوە لەوەی کە ئەوانەی خاوەن پێداویستین هەتا بتوانرێت بە سەلامەتی بمێننەوە.

**من حەز دەکەم گرووپێکی کۆمەڵانی خەڵکی ناوچەکە دابمەزرێنم، کە لەوێدا خۆبەخشەکان بتوانن یارمەتی پێشنیاز بکەن بۆ فەراهەمکردنی ژەمە خۆراک یان وەرگرتنەوەی دەرمان بۆ ئەوانەی کە ناتوانن ماڵەکانی خۆیان بەجێبهێڵن. ئایا من پێویستیم بەوە دەبێت کە پشکنینی خزمەتگوزاری ڕووهەڵماڵین و بەرلێگرتن (DBS) بۆ خۆبەخشەکان ئەنجام بدەم؟**

خزمەتگوزاری ڕووهەڵماڵین و بەرلێگرتن (DBS) هۆکارێکە بۆ دڵنیابوونەوە لەوەی کە کەسێک تۆمارێکی تاوانکارانەی نییە کە وەهای لێ بکات گونجاو نەبێت بۆئەوەی لەگەڵ کەسانی بارناسک کار بکات. نەخێر، هیچ مەرجێکی یاسایی بۆ تۆ لەئارادا نییە بۆ ئەنجامدانی پشکنینی DBS بۆ خۆبەخشەکان. هەنێک ڕێکخراو (وەک ڕێکخراوە خێرخوازییە نیشتمانییەکان) لەوانەیە خۆیان پێشتر ئەو پەیڕەوەیان جێگیر کردبێت و DBS هەوڵ دەدەن بۆ ئەنجامدانی هەر پشکنینێک بە زووترین کاتی گونجاو.

ڕەچاوکردن بۆ ئەو ڕێکخراوە خۆماڵیانەی کە پلانیان داناوە بۆ دامەزراندنی پشتگیری خۆبەخش بۆ خەڵک لە ناوچەکەی خۆیاندا:

- گرنگترین شت کە تۆ وەک ڕێکخەری خۆبەخشان بتوانیت ئەنجامی بدەیت ئەوەیە کە لەوە دڵنیا ببیتەوە کە گرووپەکەت کردەی پارێزگاریکردن ڕەچاو دەکات. گرتنە ئامێزی پێوەری سادەی خۆپارێزی وەک پاراستنی تۆمارەکان بۆ هەر بڕە پارەیەک کە خەرج دەکرێت و فەراهەمکردنی پسوولەی بازاڕکردن بۆ تۆ بەسوود دەبێت کاتێک کە پشتگیری کەسانی بارناسک دەکەیت.
- ئەگەر بە شێوەی دوو کەس کار بکەن، ئێوە پێویستە لەسەرتان هەموو کاتێک دوو مەتر لە یەک دوور بن.
- تۆ دەبیت هەتا دەتوانیت کەمتر بچیت بۆ بازاڕکردن بۆ شتومەکی بنەڕەتی پێویست، بۆ نمونە خواردن و دەرمان. هەر کات بگونجێت شتومەکەکان لەبەر دەرگاکەدا بەجێ بهێڵە، بۆ خۆ دوورەپەرێز گرتن لە چوونە ناو ماڵێکی تر.

زانیاری زیاتر لەسەر کردەکانی پارێزگاریکردن و پشکنینی DBS دەکرێت لە ئەو پرسیارانەی کە گەلێک جار دەپرسرێنەوە لەسەر ماڵپەڕی حکومەت ببینرێتەوە.

**من حەز دەکەم ببم بە خۆبەخش بۆ یارمەتیدانی ئەو کەسانە لە گەڕەکەکەمدا کە ناتوانن ماڵەکانی خۆیان بەجێبهێڵن لەڕێگەی گەیاندنی بازاڕکردن یان پیاسەکردنێکەوە بە سەگەکەیان. ئایا من پێویستیم بە پشکنینی DBS دەبێت؟**

نەخێر، هیچ مەرجێکی یاسایی بۆ تۆ لەئارادا نییە بۆ ئەنجامدانی پشکنینی DBS.

بەڵام خۆبەخشەکان دەبێت ئەوە دڵنیا بکەن کە هەر کارێک ئەوان ئەنجامی دەدەن ڕوون و ئاشکرا بێت و جێگای متمانەی خەڵکی ئەو ناوچەیە بن کە ئەوان یارمەتییان دەدەن. ڕێوشوێنی خۆپارێزی سادەی وەک کارکردن بە سەلامەتی بەشێوەی دوو کەس، پاراستنی تۆماری ئەو پارەیەی کە خەرج دەکرێت و فەراهەمکردنی پسووڵەی بازاڕکردن بەسوود دەبن بۆ هێنانەدی ئەو ئامانجانە.

ئەگەر ئەو کەسانە سەر بە هەمان ماڵ نەبن، خۆبەخشەکان پێویستە لەسەریان هەموو کاتێک خۆیان دوو مەتر دوور لە یەک بگرن.

تکایە ئەوەت لەبیر بێت کە گردبوونەوەی زیاتر لە شەش کەس لە شوێنی گشتیدا قەدەغەیە و ئەو پێوەرانە لەلایەن پۆلیسەوە دەچەسپێنرێن. بەڵام گرووپی پشتگیری هەتا ڕادەی 15 کەس، بەوانەشەوە کە پشتگیری بۆ ئەو کەسانە فەراهەم دەکەن کە نەخۆشی درێژخایەنیان هەیە وەک دێمێنشیا، ئەو ڕێسایە نایان گرێتەوە و ڕێگەیان پێ دەدرێت کە چاویان بە یەک بکەوێت.

**ئایا هیچ کەسێک هەیە کە ڕێگەی پێ نەدرێت ببێت بە خۆبەخش؟**

تەنها کەسانێک کە بەگوێرەی یاسا بەریان لێ دەگیرێت کە ببن بە خۆبەخش لەگەڵ کەسانی گەورەی بارناسک ئەوانەن کە لەڕێگەی ئەنجامدانی DBS ـەوە بەریان لێ گیراوە کە بەو کارە هەستن. ئەگەر تۆ بەرت لێ گیراوە بۆ ئەنجامدانی هەندێک جۆری تایبەتی کار، ئەوا تۆ تاوانێک ئەنجام دەدەیت ئەگەر هەوڵ بدەیت ئەو جۆرە کارە ئەنجام بدەیت.

گرووپەکانی کۆمەڵگە دەبێت پرسیار لە خۆبەخشەکانیان بکەن بۆئەوەی بزانن ئایا بەریان لێ نەگیراوە کە ببن بە خۆبەخش. ئەگەر بەریان لێ گیرابێت، ئەوا تۆ نابێت ڕێگەیان بدەیت کە لە نزیکەوە لەگەڵ منداڵ یان کەسانی گەورەی بارناسک کار بکەن. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە ئەمە ڕێنوێنی DBS.

---

ئەم زانیاریانە پشت بە ڕێنمایی حکومەت دەبەستن
https://www.gov.uk/government/publications/safeguarding-factsheet-community-volunteers-during-covid-19-outbreak

ڕێنوێنی حکومەت سەبارەت بە ڤایرۆسی کۆرۆنا لە 22 ی سێپتەمبەردا بەڕۆژ کراوە https://www.gov.uk/government/news/coronavirus-covid-19-what-has-changed-22-september